ڕێگای کوردستان

چوارشه‌ممه (22)ی ئه‌یلول (سێپته‌مبه‌ر)ی 2004 ژماره (611) سالی (59)

-کۆنفرانسی نێو نه‌ته‌وه‌یی ژنان له‌ تارانی پایته‌ختی حیجاب و جه‌لده‌ ساز ده‌کرێت , کۆنفرانسه‌که‌ له‌ لایه‌ن ناوه‌ندی کازیووه‌وه‌ به‌ڕێوه‌ ده‌چێت , تیایدا ڕێگا چاره‌ی زانستی بۆ کێشه‌ی ژنی کورد ده‌دۆزرێته‌وه‌ .مه‌گه‌ر 25 ساڵه‌ له‌ تاران و قومه‌وه‌ چاره‌ی پڕ به‌ پێست نه‌دۆزراوه‌ته‌وه‌ بۆ کێشه‌ی ژنانی کورد ؟؟؟. هه‌ر له‌م تارانه‌وه‌ی ئێستا کۆنفرانسی تێدا ڕێك ده‌خرێت بڕیاری به‌ ژن کردنی سه‌دان کچی کورد پێش هه‌ڵواسینیان ده‌رنه‌چوو ؟! . جاشی سیاسییمان بیستووه‌ , به‌ڵام جاشی کێشه‌ی ژن, ئه‌مه‌یان یه‌کێك له‌ عاجاباتییه‌کانی سه‌رده‌می پۆست مۆدێرنیته‌یه‌!؟. خوا ته‌مه‌ن بدات شتی سه‌یرۆکه‌ی زیاتر ده‌بینین .

-له‌ ڕۆژنامه‌یه‌کی ڕۆژانه‌ی هه‌ولێره‌وه‌ له‌ دیدارێکدا له‌ گه‌ڵ چه‌ند لاوایکدا ئه‌و پرسیاره‌ له‌ مانشێتی چاوپێکه‌وتنه‌که‌یاندا کراوه‌_ لاوان بۆ به‌شداری له‌ ده‌سه‌ڵاتدا ناکه‌ن ؟ . له‌ وه‌ڵامدا به‌ کورتی و کوردی له‌ جیاتی ئه‌وان وه‌ڵام ده‌ده‌مه‌وه‌و ده‌ڵێم _ نه‌ك لاوان به‌ڵکه‌ مناڵانیش به‌شداری ده‌سه‌ڵاتن , به‌ڵام له‌ که‌س و کاری گه‌وره‌ ده‌سه‌ڵاتدار و به‌رپرسان و نه‌وه‌ی سه‌رۆك عێل و خاوه‌ن دیوه‌خان و ته‌کییه‌کان ,, گه‌لیش وه‌ك مه‌نبوزه‌کانی هیندستانی لێهاتووه‌ , ئه‌گه‌ر کوڕی عومه‌ری خاوه‌ر و نه‌وه‌ی ڕۆسته‌می زاڵ و قوتابی ئه‌فلاتونیش بێت هه‌ر ده‌بێت ئه‌هلی ئه‌و پرسیار لێکردنانه‌ بێت و وه‌ك مه‌یمونه‌که‌ ده‌می به‌ ترێ ناگات ده‌بێت هه‌ر بڵێت ترشه‌.

-دکتۆر خالید ساڵه‌ح مامۆستای زانکۆ له‌ دانیمارك ماوه‌یه‌که‌ بووه‌ته‌ پسپۆری ئیسلامی سیاسی , له‌ چاوپێکه‌وتنی له‌گه‌ڵ ڕادیۆی ئه‌مه‌ریکا ووتی – ئه‌وانه‌ی خۆیان ده‌ته‌قێننه‌وه‌ به‌شێکییان کۆمۆنیستن , قه‌یناکه‌ زانیبمان له‌ گه‌ڵ ده‌نگی ئه‌مه‌ریکا قسه‌ ده‌کات, وا نه‌یه‌یڤێ مه‌رحه‌بای ناکه‌نه‌وه‌ جارێکی که‌ , به‌ڵام ده‌بووایه‌ که‌مێك قسه‌کانی نزیك بووایه‌ له‌ ڕاستییه‌وه‌ . ئه‌وانه‌ی خۆیان ده‌ته‌قێننه‌وه‌ زۆربان گه‌نجی هه‌رزه‌کارن هیچ ڕابردوویه‌کی سیاسیان نییه‌, خوا خوایانه‌ زوو فریای 72 حۆرییه‌که‌ی پاش خۆکوژییه‌که‌ بکه‌ون , هیوا دارم ئه‌م مامۆستاو پسپۆره‌مان بتوانێت ته‌نها 2 ناو له‌و کۆنه‌ کۆمۆنیستانه‌ بژمێرێت له‌و هه‌زاران ناوه‌ی تا ئێستا گرتراون یان خۆیان ته‌قاندۆته‌وه‌ . پسپۆری وامان هه‌یه‌ بۆیه‌ وا له‌ کوردستان تیرۆریزم بنه‌بڕ کراوه‌!!.

-به‌رپرسێکی مام ناوه‌ندی له‌وانه‌ی تا ئێستا هیچ ڕۆژنامه‌و ته‌له‌فزیۆن و گۆڤارو ته‌نانه‌ت بڵندگۆی مزگه‌وتێکیش ناویان بڵاو نه‌کردۆته‌وه‌ , هاتبووه‌ وڵاتێکی ئه‌وروپی , له‌ ڕێگه‌ی مۆبایله‌ حه‌یاته‌که‌وه‌ به‌ براده‌رێکی ووتبوو–ته‌نها 30000 دۆلارم پێیه‌و چه‌ند هه‌فته‌یه‌ك ده‌مێنمه‌وه‌ ئه‌گه‌ر لێم برا خۆت حازر که‌ فریام که‌وه‌ . وه‌ڵا 30000یی وه‌ك ئه‌و به‌سزمانه‌ که‌ له‌سه‌ر سۆسیالی ئه‌ڵمانیای سۆسیال دیموکرات ده‌ژێت ناتوانێ یه‌ك حه‌فته‌ حووتی وا تێر کات. ئه‌وه‌ ناسراو بووایه‌ وه‌ك به‌رپرسانی که‌ , قافڵه‌ی حیمایه‌و ده‌رزه‌نی سکرتێره‌ی هه‌بووایه‌ و میوانی به‌رده‌وامی ته‌له‌فزیۆن و ڕۆژنامه‌کان بووایه‌ هه‌موو ئه‌وروپای به‌ دۆلار و یۆرۆو کرۆنه‌وه‌ قوته‌ دا , خوایه‌ جیهانیان لێ بپارێزیت .

-توخوا ناهه‌قمانه‌ دۆست و دوژمن نه‌ناسین , هه‌ر ئه‌م نه‌ ناسینه‌ش بوو 250000 کوردی هه‌ژار به‌ هه‌ڵه‌ لێیان تێك چوو چه‌کی فه‌وجه‌کانی خه‌فیفه‌و سه‌قیله‌یان کرده‌ شان وایان زانی به‌وه‌ کورد له‌ فه‌وتان ڕزگاره‌ که‌ن و مافه‌کانی مسۆگه‌ره‌ که‌ن. چه‌ند ڕۆژ پێشتر له‌ ڕاگه‌یاندنه‌کانه‌وه‌ شاباشی لێدانی سوپاکه‌ی سه‌در بڵاو ده‌کرایه‌وه‌ و مژده‌ی بنه‌برکردنیان ده‌درا. که‌چی ئێستا خاوه‌نانی هه‌مان ڕۆژنامه‌ به‌ ڕه‌سمی پێشوازیان لێ ده‌که‌ن , خوا که‌ریمه‌ به‌ یه‌ك جه‌وله‌ی که‌ موقته‌دا له‌ بری تیرۆریستییه‌که‌ی پێشوو ببێته‌ سه‌ماحه‌ت و برا پشتی کورد . چی ده‌که‌ن که‌یفی خۆتانه‌ به‌س ئه‌وه‌نده‌ دوژمنانی کورد مه‌به‌نه‌ هه‌ڵه‌بجه‌ و مه‌زاره‌که‌ی گڵاو مه‌که‌ن پێیان.